# مەلا بەختیار لەمەئموریەتێکی چەواشەکارانەدا

سامان ئەحمەد

دوای نزیکەی ٥ ساڵ بەسەر هێرشی چەکدارانەی یەکێتی نیشتمانی بۆ سەر حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق کە ئەوکات بەهانەی چەواشەکارانەیان بۆ دادەتاشی و کردبوویان بەهەرا گوایە حزبی کۆمۆنیست شاریان کردووەتە جێگەی مەقەری چەکداری و ئەمنی قەومی کوردیان خستووەتە خەتەرەوە وحزبی کۆمۆنیستیان وەکو خەتەرێکی گەورە نیشان دەدا. بەڵام ئەمرۆ یەکێتی نیشتمانی لەزاری مەلا بەختیارەوە لەچاوپێکەوتنێکیدا لەڕادیۆی لاوانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران لەیۆتۆبۆری لەوەڵامی پرسیارێکی عبداللەی شەریفی ئەندامی کۆمیتە ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری سەبارەت بەوەی کە ئەو هێرشە بۆ سەر حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لەسەر داوا و بڕیاری جمهوری ئیسلامی بوو ، ووتی: (ئێوە ئەوەندە گەورە نین .. ئێوە ١٥ چەکدار بوون مەفرەزەیەکی یەکێتیمان نارد و عاقڵی کردن .. ئیتر چ پێویست بەجمهوری ئیسلامی دەکات بڕیارتان لەسەر دەربکات).

هەر کەسێك ئەم قسەیەی ئێستای مەلا بەختیار و ئەو بیانووانەی ڕابردوویان لەسەر حزبی کۆمۆنیست بەراورد بکات دەزانێت کە هێندەی ئاسمان و ڕێسمان جیاوازیان هەیە و پێچەوانەی یەکترن. حزبێك لە لایەکەوە خەتەرێکی گەورەیە بۆ ئەمنی قەومی و شاری کردووەتە مەقەری چەکداری، لەلایەکی تریشەوە هەمان حزب لەهەمان کاتدا زۆر بچوك بووە و تەنها ١٥ چەکداری هەبووە و بەمەفرەزەیەکی یەکێتی عاقڵ کراوە ! ئەم دوو لێکدانەوەیە ئەم دوو پاساوو بیانوو هێنانەوەیە لەسەر حزبی کۆمۆنیست بە عەقڵی کێدا دەچێت؟ هیچ ئینسانێك ناتوانێ و نازانێ بە کامیان بڕوا بکات.

باشە ئەگەر وەکو مەلا بەختیار دەڵێ حزبێك ئەوەندە بچووك بێ و تەنها ١٥ چەکدار بووبێ، ئەو هەموو هەراو داگرتنی شار و بیانوو داتاشینەی بۆچی بوو گوایە ئەمنی قەومی خستووەتە خەتەرەوە؟ ئەم درۆیەتان بۆچی لەگەڵ خەڵکدا کرد ؟ نیازتان لەو درۆیە چی بوو؟ وویستتان چی پێ داپۆشن؟ ئەمە پرسیارێکە کە وەڵامدانەوەی لە ئەستۆی تاڵەبانی دایە. کە بەدوای جێ بەجێکردنی ئەو هێرشەیان لەلایەن ئوستانداری سنە و ئاخوندەکانی ئێرانەوە دەست خۆشی لێکرا. تا ئێستا ئەو پرسیارە بەڕووی تاڵەبانیدا لە جێی خۆیەتی کە بۆچی بۆ ڕازی کردنی ئاخوندەکانی ئێران هێرشێکی نارەوایان کردە سەر حزبی کۆمۆنیست و چەند کەسیان تیرۆر کرد و درۆیەکی گەورەشیان سەبارەت بەم حزبە و ئەو هێرشە لەگەڵ خەڵکدا کرد؟

خەتەر و گەورە نیشاندانی ئەو کاتەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لەلایەن یەکێتی یەوە بەهانەیەك بوو بۆ هێرش و پەلاماری چەکداری. بچووك کردنەوە و بەکەم نیشاندانی ئێستای حزبی کۆمۆنیست بۆ داپۆشینی تاوانکاری ئەو پیلانە بەکرێگیراوانەیەیە کە تاڵەبانی بۆ جمهوری ئیسلامی ئەنجامی دا.

بەڵام ئەم چەواشەکاریەی مەلا بەختیار بۆ داپۆشینی ئەو کردەوەیەی تاڵەبانی لەژووری ستودیۆی ئەو ڕادیۆیەی لاوانی حزبی دیموکراتیشدا بڕ ناکات، چونکە بەری هەتاو بە بێژەنگ ناگیرێت. بەڕێوەبەرانی ئەو ڕادیۆیەش ئەوە دەزانن کەهەر تاڵەبانی بوو بۆ ڕازی کردنی ئاخوندەکانی ئێران لەهاوینی ١٩٩٦ لەشەودا هێزی پێشمەرگەی پێش سوپای پاسداران خست و هەڵیان کوتایە سەر مەقەڕەکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەکۆیە، بەڵام بۆ بۆ جێبەجێکردن و داپۆشینی ئەم پیلانە ئەو شەوە کارەبایان لەخەڵکی سلێمانی کوژاندەوە. لەدژی ئەم پیلانگێڕیەش حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری و چەند لایەنی تر لەڕۆژی ١٩٩٦/٨/٣ خۆپیشاندانێکیان بۆ بەردەم بارەگای UN لەشاری سلێمانی سازکرد و بووە هۆی هەراسان بوونی ئاغای ڕەفسنجانی کە لەنوێژی جمعەدا هێرشی بکاتە سەر کۆمۆنیستەکانی کوردستانی عێراق.

ئەم مەئموریەت و چەواشەکاریەی مەلا بەختیار بەهەر دەلیل و بیانوویەکەوە بێت هاوکات نیشانەی تەنگەنەفەسی و قبوڵ نەکردنی ڕەخنە و سیاسەت و بیروڕای جیاوازە کەئەمرۆ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری سەبارەت بە وەزعی سیاسی عێراق و کوردستان خستوویەتە ڕوو خەباتی بۆ دەکات. هەتا ئەمرۆ شەخسی تاڵەبانی و سەرکردەکانی یەکێتی نیشتمانی بەهەمان دەستوری شاخ لەجیاتی ڕەخنە و کێشمەکێشی سیاسی چاویان بەمخالیفینی خۆیان هەڵئایەت و بەزمانی ملهوڕی وەڵامیان دەدەنەوە.

٢٠٠٥/٤/٢٩